وەزیری بازرگانی هەوڵی توند لەو بازرگانانە دەکات کە یاری بە نرخ دەکەن لە مانگی ڕەمەزاندا

ئەسیر داود غەریری" وەزیری بازرگانی ڕایگەیاند :- کە پارەزگاری نەینەوا یەکەکە لەو پارەزگارانەی بەرهەمی کشتوکاڵی زۆرە و گەنمی زۆر بەرهەم دەهێنێت.

وەزارەتی بازرگانی لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە :-"ئەسیر داود غریریە"لە میانی سەردانێکی فەرمی بە پارەزگاری نەینەوا لەگەڵ "عەبدولقادر دەخیل" پارەزگاری نەینەوا، ئامادەکارییەکان بە وەرزی بازاڕکردنی بە ئەم ساڵە بە بەرزکردنەوەی توانای هەڵگرتن و نەژێنکردنەوەی شوێنکانی دانەوەڵە و میکانیزمی کاری هاوبەش بە پشتگیریکردنی کاری لقە بازرگانییەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکێشی خەڵکی پارەزگاکە دەکرێن تاوتوێکرد.

بەپێی بەیاننامەکە وەزیری بازرگانی لەمیانی دیدارەکەدا جەختی کردەوە لەوەی کە پارەزگاری نەینەوا یەکەکە لەو پارەزگارانەی کە بەرهەمی کشتوکاڵی زۆری هەیە و گەنمی زۆر بەرهەم دەهێنێت،ئەمەش پێویستی بە بەهێزکردنی توانای عەمبارکردن هەیە بە ئەوەی بتوانێت ئەو بەڵە لەخۆبگرێت کە پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ بخرێتە بازاڕەوە.

هەر بەپێی بەیاننامەکە لەبارەی ڕێکارەکانی وەزارەت بە مانگی ڕەمەزان ، وەزیری بازرگانی ئاماژەی بەوەدا :- کە وەزارەت لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی بە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و جێبەجێکردنی

نمایەکانی سەرەکی حکومەت بە پاراستنی نرخی خەراکە سەرەتایەکان لە بازاڕی ناوخۆدا، جگە لە کردنەوەی چەندین سەنتەری بازرگانی سەدان بارهەڵگر بە دابەشکردنی پەداویستییەکانی ئەو خێزانانەی کە داهاتێکی سنووردارییان هەیە لە کەرەستە پێویست و گۆشت و مریشک و هێلکە بە کوالیتی بەرز و بە نرخێکی کەبەکەکار و گونجاو دابین دەکرێت، ئەو جگە لە چاودێری توندی بازار و سزادانی ئەوانەی یاری بە نرخی کەل و پەل دەکەن .